Consolato d’Italia
Erbil

## بەڵگەنامەکانی پێویست بۆ داواکاری ڤیزەی خوێندنی زانکۆیی

1. پڕکردنەوەی فۆڕمی داواکاری ڤیزەی جۆری C لە ڕێگای ئەم لینکەوە

(Homepage - Visto Schengen - Modulo online (esteri.it)، لە حاڵەتی مانەوەی درێژخان (زیاتر لە ٩٠ ڕۆژ) پێویستە فۆڕمی جۆری D پڕبکرێتەوە لە ڕێگای ئەم لینکەوە (https://conserbil.esteri.it/wp-content/uploads/2023/07/Form-richiesta_visto_nazionale.docx ) دواتر فۆڕمی هەڵبژێردراو چاپ و واژۆ بکرێت لە ڕۆژی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڵگەنامەکانی تر پێشکەش بکرێت.

2. وێنەیەکی نوێ کە بەم دواییانە گیرابێت، 40 x 35ملم، پشتەوەی ڕووناکی یەکسان و دەموچاو بە تەواوی دەرکەوێت، بەبێ چاویلکە بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم لینکە بکە (Brochure (Terry_variant) (icao.int)).
3. پاسپۆرت بە لانی کەم 3 مانگ دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو و دوو لاپەڕەی بەتاڵی هەبێت. فۆتۆکۆپی خودی پاسپۆرتەکە و هەر پاسپۆرتێکی پێشوو (هەموو لاپەڕەکانی بە زانیاری کەسی، لەگەڵ مۆر یان ڤیزە).
4. کۆپی کارتی نیشتمانی/ناسنامە.
5. بڕوانامەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان و ئەگەر دانیشتوویەکی بیانی بوو هەر بەڵگەنامەیەک ڕێگە بە دووبارە بە هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بدات ، کۆپیەکی مۆڵەتی نیشتەجێبوون یان ئەو لاپەڕەیەی کە ڤیزەی درێژخایەنی لێدراوە. مۆڵەتی مانەوە یان ڤیزە دەبێت بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی ٣ مانگ لە دوای بەسەرچوونی ڤیزەی داواکراو کارا بێت.
6. بەڵگەنامەی ناونوسکردن یان پێش ناوتۆمارکردن لە زانکۆیەکی ئیتاڵی یان دامەزراوەیەکی AFAM، کە لە ڕێگەی پۆرتاڵی (UNIVERSITALY) لە لینکی ( www.universitaly.it ) ئەنجام دەدرێت.
7. کۆپی بڕوانامەی خوێندن وە وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی ئیتالی پشتڕاست کرابێتەوە لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەراییکردنی لە ڕێگای کونسوڵگەری و باڵیۆزخانەی ئیتاڵیا.
8. تێچووی کونسوڵگەری (بۆ تێچووی نوێکراوە، سەیری خشتەی پەیوەندیدار بکە لەم لینکە).
9. بیمەی تەندروستی بۆ چارەسەری پزیشکی و خەواندن لە نەخۆشخانە، کە پێویستە خوێندکار لەکاتی داوای مۆڵەتی مانەوە (ئیاقمە) بکات، لە ماوەی هەشت ڕۆژدا دوای چوونە ژوورەوەی بۆ ئیتاڵیا، بەڵگەنامەی داواکاری (ئیقامە) نیشان بدات. باشتر وایە ڕاستەوخۆ دوای گەیشتن بە ئیتاڵیا بیمەی تەندروستی لە ئیتاڵیا بەدەست بهێنیت، بە سوودوەرگرتن لەو سیاسەتەی کە بە تێچووی کەم لەلایەن دەزگای Istituto Nazionale delle Assicurazioni (INA) پێشکەش دەکرێت، بە ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئیتاڵیا. ئەوانەی ئەم بیمەیە هەڵدەبژێرن دەبێت ڤیزە بیمەی تەندروستی گەشتیاری کە داپۆشینی لە ٣٠ هەزار یۆرۆ کەمتر نەبێت، کە لە هەموو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کارا دەبێت لانیکەم بۆ سێ هەفتەی یەکەمی مانەوە بسەلمێنن و نیشان بدەن.
10. حجزکردنی فڕۆکە.
11. حجزکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ لانیکەم دوو هەفتەی یەکەمی مانەوە. بانگهێشتنامە (دەعوەتنامە)ی کەسێک کە لە ئیتاڵیا نیشتەجێیە لەگەڵ کۆپیەکی بەڵگەنامەی ناسنامەکەی وەردەگیرێت و ئەگەر بانگهێشتکەرەکە هاوڵاتی

وڵاتێکی یەکێتی ئەوروپا نەبێت، ئەوا کۆپی مۆڵەتی نیشتەجێبوونی خۆی وەردەگیرێت. سەیری مۆدێلی بانگهێشتنامە بکە لەم لینکە: (https://conserbil.esteri.it/wp-content/uploads/2023/07/lettera_invito_turismo.docx ).

12. بڕوانامەی باری خێزانی (سورەت قەید).
13. بەڵگەنامە سەبارەت بە پێگەی ئابووری گشتیی خێزانەکە: پشتگیری ئەژماری بانکی ، لەلایەن بانکەوە مۆر و واژۆکراو بێت، لەگەڵ جوڵەی شەش مانگی ڕابردوو(کشف حساب)، بەڵگەنامەی مووچەی شەش مانگی ڕابردوو، کرێدیتی خانەنشینی؛ گرێبەستی بەکرێدان؛ بەڵگەنامەی خانووبەرە. قوتابی و خوێندکاران دەتوانن ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەستن بە پێگەی ئابووری ئەو ئەندامانەی خێزانیان کە پشتیان پێدەبەستن، لەگەڵ نامەی ئەندامی خێزانەکە کە گەرەنتی بۆ دەستەبەری ئەو خەرجییەکان دەکات، وە پێویستە واژۆی بکات کۆپییەکی ناسنامەکەی لەگەڵ دابنێت.
14. بەڵگەنامە سەبارەت بە پۆستی پیشەیی/کاری داواکار و ئەندامانی خێزانەکەی کە پشتی پێدەبەستێت.
15. هەبوونی توانا و ئامرازە ئابوورییە پێویستەکان بۆ بژێوی ژیان لە ئیتاڵیا، کە لە ڕێنمایی 1.3.2000ی وەزارەتی ناوخۆی ئیتاڵیادا ئاماژەی پێدراوە، کە مەبلەغی نزیکەی 6,100 یۆرۆیە بۆ هەر ساڵێکی خوێندن دیاریکراوە، و بۆ گەڕاندنەوەی وڵاتی خۆی. بەردەستبوونی ئامرازە ئابوورییەکان دەبێت کەسی بێت و بەڵگەی هەبێت لە ڕێگەی بەیاننامەی حیسابی بانکی (کشف حساب) کە لەلایەن بانکەوە واژۆ و مۆر کراوە، بە ناوی داواکاری ڤیزەوە بێت.

**گرنگ**

- پێویستە سەرجەم بەڵگەنامەکان وەرگێڕدرابن بۆ زمانی ئیتاڵی یان ئینگلیزی وە لەلایەن دادنووس (کاتب عدل) و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پشتڕاستکرابنەوە (تەسدیق کرابن) ؛

- بە ئارەزووی ئۆفیسی ڤیزە دەتوانرێت داوای بەڵگەنامەی زیادە بکرێت، ئەگەر پێویست بوو، بۆ ئەوەی باشتر هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکە بکرێت.

- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی پێویست گەرەنتی پێدانی ڤیزە ناکات.